ئاژانسی(موتەع)ناوەندکی کبونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرەم بەاودکاتەو

لەکبونەوەی ئەمەیدا ئەنجومەنی وەزیرانی هەرەم بەیاری بەدواداچونی بە دەستنیشانکردنی میکانیزمکدا بەمەبەستی بەهەمیشەییکردنی فەرمانبەرانی گرەبەست و راشیگەیاند، هەرەمی کوردستان پابەندییەکانی خی لە بەرانبەر حکومەتی فیدرالی بەجگەیاندوە "چاوەین حکومەتی فیدرال لە زوترینکاتدا، بەیاری خەرجکردنی شایستەکانی هەرەم بدات لەپش هەموشیانەوە موچەی موچەخرانی هەرەم بە مانگی (نیسان/4) و مانگەکانی دواتر".

بەگورەی راگەیەندراوکی حکومەتی هەرەم، ئەمە چوارشەممە بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرك وەزیران و ئامادەبونی قوباد تالەبانی جگری سەرك وەزیران، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرەمی کوردستان کبوە.

سەرك وەزیران بەناوی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، نیگەرانی بەرانبەر سوتانی بازاری درینی قەیسەریی هەولر و هاوخەمی لەگە زیانلکەوتوان دەربی و دوپاتیکردەوە، "لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئاسپاردوە لکینەوەی پویست لە هکارەکانی کەوتنەوەی ئاگرەکە بکەن"، لە هەمانکاتیشدا سوپاسی تیمەکانی ئاگرکوژنەوە و فریاگوزاری و ئاسایش و پلیس و

هێزەکانی ناوخۆ کرد و جەختی لەسەر پابەندبون بە ڕێنماییەکان و ڕێکارەکانی پاراستن و سەلامەتی لە سەرتاسەری هەرێم کردەوە، بە تایبەتی لە شوێنە گشتییەکان بۆ ڕێگریکردن لە دوبارەبونەوەی ئەو جۆرە ڕووداوە دڵتەزێنانە، هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد، "هەوڵ دەدەین بە هاوکاری لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت و ڕێکخراوی یێنیسکۆ، ئەو بازاڕە مێژویی و شوێنەواریيە نێژەن بکرێتەوە".

هەر بەگوێرەی راگەیەندراوەکە، بڕگەی یەکەمی کێبونەوەکە بریتی بو لە خستنەڕوی دوا پێشهاتەکانی بابەتی موچە و دارایی و پابەندییەکان لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ و ئەنجامی دوا کێبونەوەی شاندی تەکنیکی هەردولا لە بەغدا سەبارەت بە دەستپێشخەرییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری داهاتە نانەوتییەکان و بەبانکیکردنی موچەی هەرێم.

سەرۆك وەزیرانی هەرێم دوپاتیکردەوە، "هەرچی ئەرك و پابەندییە، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە جێبەجێی کراون و پێویستە حکومەتی فیدراڵیش، موچە و شایستە دارایيەکانی هەرێمی کوردستان بنێرێت و چیتر هیچ کێشە و ناکۆکییەکی سیاسی، نەبێتە ڕێگر لەبەردەم ناردنی موچە".

دواتر لەلایەن ئامانج ڕەحیم، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران کە هەفتەی ڕابردو سەرکایەتیی شاندێکی تەکنیکی حکومەتی هەرێمی کرد بۆ بەغدا، ڕاپۆرتێك لەبارەی ئەنجامی سەردانەکەیان و گفتوگۆکانیان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی فیدراڵ تایبەت بە دەستپێشخەرییەکانی هەرێمی کوردستان خرایەڕو سەبارەت بە داهاتە نانەوتییەکانی هەرێم و چێنییەتی هاوبەشیپێکردنی لەگەڵ بەغدا لەسەر بنەمای دەستور و یاسای بودجەی فیدراڵ و یاسای بەڕێوەبردنی دارایی فیدراڵ و بەدواداچونەکانیان بۆ خەرجکردنی شایستەکانی هەرێم بۆ موچەی مانگی (نیسان/4) و تەرخانکراوەکانی دیکەی هەرێم لە خەرجیی تەشغیلی و پرۆژەکانی وەبەرهێنان و پرۆژەکانی پەرەپێدانی هەرێمەکان بە گوێرەی خشتەکانی هاوپێچی یاسای بودجە خستەڕو، کە چەندین پێشنیار و ڕاسپاردەی کێبونەوەکانی بەغدای تێدابو.

ئەنجومەنی وەزیران وەکای دەستخۆشی لە سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران و شاندەکەی، جەختیکردەوە، هەرێمی کوردستان پابەندییەکانی خۆی لە بەرانبەر حکومەتی فیدراڵی بەجێگەیاندوە و بەردەوام تەرازوی پێداچونەوە (میزان المراجعە)ـی مانگانەی خۆی بە پەسەندکراوی ناردوە بۆ وەزارەتی دارایی فیدراڵ بە زانیاری تەواو لەسەر داهات و خەرجییەکان و ناردنی لیستی موچەخۆرانی هەرێم بە هەمو داتا و زانیارییەکان و جێبەجێکردنی

پابەندییەکان بە گورەی یاسای بودجە، ئیتر چاوەڕێین حکومەتی فیدراڵ لە زوترین کات، بۆیاری خەرجکردنی شایستەکانی هەرێم بدات لەپێش هەموشیانەوە موچەی موچەخۆرانی هەرێم بە مانگی نیسان و مانگەکانی دواتر.

سەبارەت بە بابەتی بەبانکیکردنی موچەخۆرانی هەرێم، عەزیز ئەحمەد جێگری بەڕێوەبەری نوسینگەی سەرۆك وەزیران، وردەکاری و ڕونکردنەوەی پێویستی لەبارەی پرسەی بەبانکیکردنی موچە خستەڕو، ئاماژەی بەوەدا، "لەگەڵ بانکی عێراقی بۆ بازرگانی (TBI) ڕێککەوتین ئەو بانکەش بەشداربێت لە پرسەی بەبانکیکردنی موچەی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، پرسەکەش بەردەوامە".

ئەنجومەنی وەزیران پشتیوانیی خۆی بۆ بەشداریکردنی بانکی بازرگانی عێراق لە پرسەی بەبانکیکردنی موچەی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان دەربڕی، کە بانکێکی حکومی فیدراڵییە.

سەرۆك وەزیران، ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی و ئابوری هەرێم و لایەنە پەیوەندیدارەکانی ڕاسپارد کە ڕێکاری پێویست بگرنەبەر لە ناردنی زانیاری پێویست لە چوارچێوەی لێکتێگەیشتنی هاوبەشی تیمی تەکنیکی حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ و بانکی عێراقی بۆ بازرگانی بەمەبەستی بەبانکیکردنی موچەی هەرێم و پێشکەشکردنی کارئاسانیی پێویست لەمبارەیەوە.

بڕگەی دوەم گفتوگۆکردن بو لەبارەی بەهەمیشەییکردنی فەرمانبەرانی گرێبەست لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان کە ژمارەیان گەیشتەتە 30 هەزار و 672 فەرمانبەر، کە لە چوارچێوەی ڕاپۆرتێکی هاوبەش لە لایەن وەزارەت ولایەنە پەیوەندیدارەکان ئامادەکرابو و وردەکاریەکەی لە لایەن سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنەوە خرایەڕو.

ئەنجومەنی وەزیران وەڵای دەربڕینی پشتیوانی بۆ داخوازی فەرمانبەرانی گرێبەست کە هێزێکی کاری بەرچاون لە ناو دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم و بە گرنگیەوە لە ڕێ و بەرپرسیارێتیان دەڕوانێت، لەم ڕوانگەیە و لە پێناوی گەڵاڵەکردنی بۆیارێکی دروست لەم بارەیەوە لە ڕوی یاسایی و کارگێڕیی و داراییەوە تا ئەم فەرمانبەرانەش، هاوشێوەی فەرمانبەرانی هەمیشەیی مافەکانیان پارێزراو بێت، ئەنجومەن بۆیاریدا لێکۆڵینەوە و

بەدواداچونی پێویست بۆ دەستنیشانکردنی مەرج و ڕێکار و میکانیزمی گونجاو بۆ بەهەمیشەییکردنی ئەو فەرمانبەرانە بکات کە بە ڕێکارە یاساییەکان دەتوانن ببنە هەمیشەیی و پێویستە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەش لە ماوەیەك کە لە 15 ڕۆژ تێپەڕنەکات تەواو بکرێت و دواتر بخرێتەوە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەوەی بڕیاری کۆتایی لەبارەوە بدات.

لە کۆتاییدا بڕگەرد تاڵەبانی وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ڕاپۆرتێکی پوختی پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران کرد لەبارەی ئەنجامی سەردانی ئەمدواییەی شاندی وەزارەتەکەیان بۆ بەغدا تایبەت بە بابەتەکانی وەرگرتنەوەی گەنمی ئەمساڵی جوتیارانی هەرێم و بەگەڕخستنی پڕۆژەکانی بەنداو لە هەرێم و برەودان و دروستکردنی پڕۆژەکانی ئاودێری لە هەرێم و سود وەرگرتنی جوتیاران لە دەرفەتەکانی خزمەتگوزارییە کشتوکاڵییەکان هاوشێوەی ناوچەکانی دیکەی عێراق.

ئەنجومەنی وەزیران وێڕای دەستخۆشی لە وەزیری کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو و شاندی وەزارەتەکەی بۆ هەوڵ وماندوبونیان، جەختیکردەوە کە ئەرکی حکومەتی فیدراڵە مافە دەستوریەکانی هەرێم دابین بکات لە سودمەندبون لە پڕۆژەکانی بەنداو و ئاودێری و داکێکیکردن لە ماف وشایستەکانی جوتیارانی هەرێم لە بەغدا بۆ وەرگرتنەوەی بەرهەمی ئەمساڵی گەنم و سودمەندبونی جوتیاران لە هەمو ئەو خزمەتگوزارییە کشتوکاڵیانەی لە بەغدا بۆ جوتیارانی ناوچەکانی دیکەی عێراق دەستەبەر کراون.